بارودۆخی هەنوکەیی کوردستان لە تێڕوانینی گە نجانی کوردستانەوە

ئا: لێدوان

٪٣٢ی گەنجان متمانەیان بە سەرکردایەتی سیاسی کورد نیە بۆ گێڕانەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ سەر کوردستان وجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

٪٦٣گەنجان پێیان وایە حکومەتی هەرێم وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە دەرکردنی بڕیارە گرنگ وچارەنوسسازەکاندا پرس ورا بە جەماوەرەکەی خۆیان ناکەن.

٪٤٤گەنجان پێیان وایە دابونەریتی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕێگرە لەبەردەم ئازادیەکانی گەنجاندا.

٪٦٦گەنجان بڕوایان وایە کە بازاڕی ئازاد لەکوردستاندا نیەو بەرەڵلاییە.

ڕێکخراوی توانا سازی لاوانی کوردستان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت(cdo) ، بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٧ لەتێڕوانینی گەنجانی کوردستانەوە تاوتوێ دەکات لەڕێی فۆرمێکی زانستی ئامادەکراوی ڕاپرسی دا، کەماوەی ئەنجامدانی شەش مانگی خایاند و تێیدا، ٤٠٢٩گەنج بەشداربوو لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٢٦١٤ ڕەگەزی نێربوون، ١٤١٥ڕەگەزی مێ بەشداریان لە وەڵامدانەوەی ئەم ڕاپرسیە کردووە، لەنێوان تەمەنی ١٦ تاوەکو ٢٠ ، (١٢٩٩) .. لە تەمەنی(٢١_٢٥) ، (١٤٥٤) بەشداربوو هەبوو. هەروەها لەتەمەنی (٢٦_٣٠)ساڵ (٨٥٨) بەشداربوو هەبوو... لەتەمەنی (٣١_٣٥)ساڵی (٤١٨) بەشداربوو هەبووە. لەلایەکی ترەوە جیاوازی مەزهەبی وئاینی لەم ڕاپرسیەدا بەشداربوو بەم ڕێژەییەی خوارەوە:

موسوڵمان (٣٨٢٦) کەس بوون کە دەکاتە لە ٩٥٪ ، وە مەسیحی لە (٧٥)کەس بوون کە دەکاتە ٢٪ ، هەروەها یەزیدی (١٢٨) کەس بوون کە دەکاتە ٣٪ ... سەرجەم پرسیارەکانی ئەم ڕاپرسیە بریتی بوە لە پەنجا پرسیاری هەمەجۆر(کۆمەڵایەتی.. سیاسی.. ئابوری.. ئیداری) . سەرجەمی داتا ووەڵام و ئەنجامی ڕاپرسیەکە لە کۆنفرانسێکی هەرێمایەتی لەژێر ناوی :" تێڕوانینی گەنج وبارودۆخی هەنوکەیی کوردستان" لەشاری سلێمانی بەبەشداری سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەری حکومەت وپەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندرا، بەرواری ٢٣_٢٤ /١/٢٠٠٨.

علی محمد صالح سەرۆکی شارەوانی چوارقورنە لە دیمانەیەکی لێدواندا

ئا: هیدی محەمەد قەرەنیاغا

چۆن لە ڕای خەڵکی چوارقورنە دەروانیت بەرامبەر بە شارەوانی؟

و: دەستخۆشی‌و گلەیی هەردووکیان هەیە چونکە لەشارو شارۆچکەکان دەستخۆشیت لێ دەکرێت بەپێی ئەو توانایەی هەیە بۆ کارکردن بۆخەڵك، حکومەت کەمتەرخەم نەبووە لەکارەکانی بۆ خەڵك بەڵام هەموشت بەرێژەی ئەو توانایە بووە کەلەبەردەستمان بوە. لەساڵی ٢٠٠٧ پێویستی خەڵکی پڕنەکردۆتەوە بەڵام بەپێی ئەوەی کەلەبەردەستا بوو کەمو کوڕییەکانمان چارەسەر کردووە. هەندێ شتیش لەبەردەست نەبوو بۆمان نەکراوە ئەوە بووە جێی گلەیی خەڵك.

پ: شارەوانی تاچەند توانیویەتی گرفتی نیشتەجێ بوون کەم بکاتەوە بەدابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا؟

و: مەسەلەی دابەشکردنی زەوی بەپێی یاساوڕێسای دابەشکردنی زەویە کەلەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی ئەو خاڵو بەندیەی کەبۆ فەرمانبەرانو چینو توێژەکان دانراوە بەتایبەتی پێشمەرگەو شەهیدان هەمووی بەپێی ئەو خالبەندیە ڕووبەڕووی شارەوانی دەبێتەوە کەئەو خەڵکەی لێ نیشتەجێیە، ئەو دابەشکردنی زەویە لەهەندێ شاروشارۆچکەکان زۆر کراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەخزمەت گوزارییەکان وەك پێویست نەگەیشتوونە ئەو ناوچەیە بۆیە ئەو خەڵکانەی کەزەویشیان وەرگرتووە نەیانتوانیوە بیکەن بەخانوو چونکە کەمتر خزمەتگوزاری وەك ئاو و جادەو زێراب‌و کارەبای بۆ چووە، بەڵام هەمیشە حکومەت کەمتەرخەم نەبووە لەدابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا.گرفتی نیشتەجێ بوون هەر بەدابەشکردنی زەوی کۆتایی نایە بەڵکو بەدروستکردنی شوقەو بینا کۆتایی دێت، بەڵام بەداخەوە لەناوچەکەماندا تائێستا سەرمایە داران بۆکارێکی وا نەهاتوونە پێش . لەئێستاشدا پڕۆژەیەکی وامان بەدەستەوە نییە.

پ: کێشەی ئەو جوتیارانەی کەزەویان لای شارەوانییە کۆتایی هاتووە؟وەك بیستوومانە ئەوانەی بوونە بەخاوەنی ئەو زەویانە تائێستا نەیانتوانیوە بیکەن بەخانوو؟

وە: ئەو شوێنەی کەباسی دەکەن زیاتر لە ٧٠٠ حەوت سەد پارچە زەوی دابەشکراوە لەساڵانی پێشوودا بەر چینو توێژەکانی کۆمەڵو فەرمانبەران. ئەو زەویانە ڕاستە تاکو ئێستا تاپۆکراون لەسەر ئەو کەسانەی کەزەویان بۆ دەرچووە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جوتیارانەی خۆیان بەخاوەنی ئەو زەویانە دەزانن داوای قەرەبوو دەکەن وەکو قەرەبوو ماوەتەوە, چارەسەری ئەو کێشانە بکات.دیارە ئەوەش بەڕێز قائیمقامی ڕانیە و لیژنەی ئێمەش کەسەردانی جێگری سەرۆکی حکومەت مان کردووە بەڕێزی بەلێنی داوە کەئەو کێشەیەمان بۆچارەسەر بکات‌و قەرەبوی خاوەن زەویەکان بکاتەوە.

پ: بۆ دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر تێکچوونی پردی چوارقورنە تاکو ئێستا چاك نەکراوەتەوە؟

و: ئەو پردە پار ساڵ تێکچوو بەهۆی لافاوەوە ئەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبان بەتایبەتی ئەوانەی بەڕێگەی دەڕەوەن, ئەوان زیاتر سەرپەرشتی ئەو پردە دەکەن ئەوەی کەپەیوەندی بەشارەوانییەوە هەبێت هەمیشە ئێمە کارئاسانی پۆ دەکەین وەك ئاگادارم پردە کۆنەکە بەڵام لەبەر ترسی لافاو بۆ ئەوەی کەهەیە لەدەست نەچێ صیانەیان بۆ کراوەتەوە, وەلەهەمان کاتدا ڕووپێو کردنی پردی دووەمیان کردووە ئێستا ئەوە خەریکن نەخشەی بۆ دادەڕێژن پارەشی بۆ جێ بەجێ کراوە لەبەهاردا دەست بەکارەکانی دەکرێت.

لێدوان: نەبوونی یاسایەك لەبازاردا واتە بەجۆرێك ڕێك نەخراوە تاکو شێوەیەکی شارستانی پێوە دیاربێ دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟

و: ناوبازاڕ هەموو جۆرە کرین‌و فرۆشتنێکی تێدادەکرێ وەك دارتاشی‌و ئاسنگەری ئەوانەی دوکانی خۆراك‌و کۆمەلێك لەسەوزە فرۆش‌و بەهەموو جۆرەکانی لەگەڵ ئەوەشدا ، بەڵام ڕێکخستنیان بۆ نەکراوە. بەڵام لەبەرنامەماندایە بەجۆرێکی شارستانی ڕێکخستنی تێدابکەین وەك دارتاشەکان‌و ئاسنفرۆشەکان شوێنی تایبەت‌و دوور لەبازاریان بۆ دەست نیشانکراوە، وەلێرەوەش بەهاوڕلاتیان دەلێم کەئەوانیش بەرپرسن لەم ڕێکخستنەدا دەبێت هاوکارمان بن.

پ: دوای قیرتاوکردنی بازاری چوارقورنەو پاشان هەڵکەندنەوەی لە ئێستادا بازاری چوارقورنە ئالۆزییەکی گەورەی پێوە دیارە ؟

و: ئاو بازاڕ بەر لە دەست بەکاربوونی ئێمە زێراب‌و قیرتاوی بۆ کرابوو، بەهۆی هەندێك کێشەی هونەرییەوە ئەو قیرتاوکردنە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ئێمەش لەبەر ئەو نارێکی‌و تاسانە هەر چەند جار چارەسەرمان کرد، بەڵام پاش ماوەیەك تێك دەچۆوە. هەولماندا بەشێوەیەکی بنبڕ چارەسەری بکەین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زێرابێکی پێویست لەناو جەرگەی بازاڕ، ئەو زێرابانە پێشتر هەبوون، بەڵام کۆن بوون، نەتواندراوە سودی لێوەربگیرێت ناچار هەموو زێرابەکانمان بەلانان‌و لەسەر بودجەی شارەوانی زێرابێکی ڕێك‌و پێکمان بۆ دروست کردن، کەئەوە داوای خەڵك‌و کارێکی سەرەکی شارەوانییە کە ئێستا خەریکی ئاوەڕۆکانین‌و ئەو کۆڵانانەی دەکەونە سەری بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی تریشەوە دوابەدوای تەواوکردنی زێرابەکان کە وەرزی قیرتاوکردنی هاتووە ئەوا قیرتاوێکی ڕێك‌و پێکی بۆ دەکرێت کە کێشە نەهێڵێت.

پ: شارۆچکەی چوارقورنە گەورەترین شارۆچکەیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەڵام تا ئێستا چوارقورنەی کۆن تاپۆی نییە؟

و: ئێمە لەپارەوە لەڕێگای نەخشەدانانەوە داوامان کردووە و دووجاریش لیژنە هاتووە بۆ ڕووپێوکردنی شارۆچکەی چوارقورنە، لەهەمانکاتیشدا دامان بەزاندۆتە ناو نەخشە، چونکە چوارقورنە تاکو ئێستانەخشەیەکی بنەڕەتی نەبووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشەیەی پێ چارەسەر بکەین. وە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئیش‌و کارەکان تەواو دەبن و ئەو خەڵکانەی چاوەڕێن بە ئامانجی خۆیان دەگەن.

پ: بەرنامەتان چییە بۆ ساڵی نوێ؟

و: ئەمساڵ بەرنامەی زۆرمان هەیە بۆ خزمەتی هاوڵاتیان، بەڵام پڕۆژەش بەپارەو بودجە دەکرێت جارێ ناتوانین ئەو پڕۆژانە بخەینە بەردەست چونکە بودجەی ساڵی نوێمان بۆ دانەنراوە بەڵام ئەوەی لەتوانامانداە هەبێت دەیکەین.

دوا وتەتان چییە؟

داوا دەکەین کە هاوڵاتیان بەدەنگمانەوە بێن‌و هاوکاریمان بکەن‌و تاوەکو ئێمەش بتوانین ئیش‌و کارەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەین چونکە تا چەند ئەوان هاوکاریمان بکەن ئێمە زیاتر سەرکەوتوو دەبین لەئیش‌و کارەکانماندا.

ڕوونکردنەوەیەك بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد عارف

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن‌و وتەبێژی فەرمی دەزگای گشتی پڕۆژە تایبەتییەکان لە سلێمانی

گومان لەوەدا نییە کەسوتەمەنی پێداویستییەکی سەرەکی هەموو مرۆڤایەتییەو وزەی هات‌و چۆو گواستنەوەی سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە، بۆیە لە لیستی پێشەوەی پێداویستییەکان ئەژمار دەکرێت‌و جێگەی داخوازی خەڵکە، جا من لێرەدا وا دەبینم کە پەیوەندیدارانی هێنان‌و دابەشکردن‌و چاودێری کردنی دەبێت زۆر پشوو درێژو لێبوردە بن بەتایبەت لە وڵاتی ئێمە کە هەم سوتەمەنی کەمەو هەم بێمتمانەییەك هەیە لە نێوان خەڵك‌و دەسەڵاتدا ئەگەر ڕاستگۆ بین، جا من لێرەدا دەمەوێت هەندێك ڕوونکردنەوەم هەبێت سەبارەت بە وتەکانی بەڕێز کاك احمد کە لە ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ١٦١ی ٢٨-١-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕە چوار بە شێوەی خالبەندی:

١. لە خاڵی یەکەمدا کاك احمد باس لە بری بەنزینی هاتوو دەکات لە مانگی ١٠-١١ی ٢٠٠٧ کە بە شاهیدی هەمو خەڵك هیچ کێشەیەکی بەنزین نەبووە لەو دوو مانگەدا، تەنانەت بەنزینخانەکان گلەیی سەرف نەبوونی بەنزینییان دەکردو لەو دوو مانگەدا هەموو شۆفێرەکان توانیویانە لە هەر کوێیەك بیانەوێ بەنزین وەربگرن‌و بەنزین بە بەردەوام هاتووەو تەنانەت زۆرجار بە بێ قطعیش هاتووە، ئەو برا بەڕێزە باس لەوە دەکات لە مانگی ١٠-٢٠٠٧ بڕی ١٢٥٠١٥٠ یەك ملیۆن‌و دووسەدو پەنجا هەزارو سەدو پەنجا لیتر بەنزینی خەزن کراومان هەبووە لە وێستگەکانی ڕانیە، بەڵام لە ڕانیە تەنها سێ بەنزینخانەی پەیوەندیدارمان هەیە بە حصەی هاوڵاتیان کە تەوەری باسەکان بووە بە ناوەکانی (بەنزینخانەی ڕاستی، سەیداوا، کێوەرەش) کە هەر سێ بەنزینخانەکە بە هەموو تانکێکانیانەوە بەگازو بەنزینەوە تەنها جێگەی نزیکەی (٩٠٠٠٠٠) نۆسەد هەزار لیترییان هەیە.

٢. لە خاڵی دووەمدا من وەکو لەسەرەوە باسم کرد لە مانگی ١٠-١١ی ٢٠٠٧ کێشەی بەنزین نەبووە لەهیچ شوێنێك، کێشەکە لەسەرەتای مانگی ١٢ی ٢٠٠٧وە دەستی پێکرد. هەروەها باس لە ئاگادارکردنەوەی بەڕێز قائیمقامی ڕانیە دەکات لە کارەکان، لەوەڵامدا دەڵێم سەرکەوتنی هەموو کارەکانمان بە پاڵپشتی بەڕێزی بووەو لە هەموو کارەکانمان لەگەڵان لەسەر خەت بووە.

٣. لە خالبەندی سێیەمدا کاك احمد زۆر بە ڕەشبینی سەیری وەتەنیەت‌و خۆبەخشی دەکات، باس لە پێکەنین دەکات لە ئاست خۆبەخشیندا لەو سەردەمی جەنجاڵو بێ فریاد ڕەسە، لێرە کاك احمد پەلەی کردووە لە وەڵامەکاندا وا حالی بووە کە ئێمە بێ کارین، وەڵامی ئەوەیە کە کاك باپیر کەلکانی کەسایەتی ناوچەکەو سەرۆکی لقی جوتیارانی ڕاپەرینەو کورەکەی کە ناوی کاروانە موچەخۆری مەلبەندی ٨ی ڕاپەرینە، برای بچوکیشت ئاشەوان بەرێزت ئەحوەڵ دەکەم لە پرسیارکردن لەسەرچاوەی ژیانی من. وە خزمەتی ئێمە بۆ شارەکەمان زۆر کەمەو تەنها پێویستی بە لە ٢٪ی کاتەکانمان هەیە بۆ کاروباری سوتەمەنی وە گیانی خۆبەخشیش لەو ڕۆلە فیداکارانەی گەلەکەمانەوە فێربوین کە بە خۆین بەخشین‌و ژیان بەخشین‌و مال بەخشین ئەمڕۆیان بۆ کاك احمدو باپیرو ئاشەوان‌و هەموو خەڵکی کوردستان هێنایە دی لەو سەردەمە سەخت‌و پڕ ناڕەحەتی‌و جەنجالیەی فاشیەکاندا.

٤. لە خاڵی چوارەمدا باس لە دروستکردنی کارتی بەنزین‌و نەنانسینی ئێمە دەکات وەڵامم بۆ ئەو بەرێزە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان پێویستیان بە یەکتر ناسین هەیە بۆ خزمەتی وڵات، بەنسبەت کارتی بەنزین لە ڕانیە بری ٤٥٠٠ کارتی بەنزین بۆ هەموو جۆرە سەیارەکان کراوە هەر جۆرەی بەزنجیرەی تایبەتی خۆی، بە بێ دەسکاریکردنی زنجیرەکان تاکۆتایی ساڵ کە توانیمان لە ڕێگەی ئەو زنجیرەوە تەنها بەنزین بدەین بە سنورەکەمان‌و وردەکاری تەواو لەگەڵ بەنزینخانەکاندا بکەین وە زنجیرەی ئۆتۆمبێلەکان بەم شێوەیە بووە: ژمارە تایبەت ٣٢٠٠ ئۆتۆمبێل، بارهەڵگر ١١٠٠ ئۆتۆمبێل، تاکسی ٢٠٠ ئۆتۆمبێل‌و دوای سەردانی دەزگای سوتەمەنی بەرێز سەبری خان زۆر ڕێزی لە کارەکانمان گرت‌و خەڵاتی کردین سوپاسی دەکەین، هەموو ئەو زنجیرانەی دەفتەری بەنزین لە کۆمپیوتەر لای خۆمان پارێزراوەو چاپمان کردووەو هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلەکان بە جیاو بە ژمارەی تاك‌و جووت لە بۆکس فایلدا پاراستومانە لای خۆمان، لەبری هەر دەفتەرێکی بەنزین ٣٠٠٠ هەزار دینارمان وەرگرتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاو گێڕاومانەتەوە، ئێمە لەڕێگەی ئەو ڕۆژنامەوە بە دەسگای سوتەمەنی‌و هەموو شۆفێرەکانی ناوچەکەمان دەڵێین کە بەپرسیارین بەرانبەر تەنانەت یەك نا یاساییش لە دروستکردنی کارتداو پێشینەکانیان لامان پارێزراوە.

٥. لەکۆتاییدا هیوادارم کاك احمد وردە کاری تەواو بکات لەڕێگەی خۆیەوە لەسەر بری بەنزینی هاتوو بۆ ڕانیە لە تێکرای ئەو دوو ساڵە جگە لە دوو مانگی١٠-١١ی ٢٠٠٧ بە لەبەرچاوگرتنی گەورەیی شپاری ڕانیەو لەخۆگرتنی هەموو ناوچەی دۆڵی‌و دێیەکانی دەوروبەری، هیوادارم برای بەڕێزم کاك احمد لە ڕێگەی بەدوا داچوون‌و ورد بینی‌و دوور لە وەڵامی زبر، وەڵامی نارەزاییەکانی جەماوەر بداتەوە کە ئەوە شتێکی ئاساییە. هەموو بەرپرسێك ڕووبەڕووی ئەو جۆرە نارەزایی‌و پرسیارانە دەبێتەوە.

محەمەد ئاشەوان ئەندامی لیژنەی جەماوەری ڕانیە لە سوتەمەنیدا.

تێبینی: دەبو ئەو ڕونکردنەوەیە لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاو کرابایەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەکە ئەو تەوەرەی داخستوە، لەسەر داخوازی نوسەرەکەی، لە لێدوان بڵاومان کردەوە

لێدوان

بەپێنوسی هاوڕێ ئەمیر

دەوڵەمەندی نا نیشتمانی

بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی هێزە سیاسیە خۆماڵیەکان، ناو بەناو گوێ بیستی ئەو مژدەیە دەبین، کە بەشانازیەوە باس لە دەوڵەمەندبونی سەدان وبگرە هەزاران کەس لەکوردستاندا دەکات، کە سەرمایەکەیان گەیشتۆتە ئاستی (ملیۆنێر)، تەنانەت قسە لەوە دەکرێت کە ئەم دەوڵەمەندانە لەقۆناغی بەبەرداکردنی خەسڵەتی چینایەتیدان، واتە وەکو هێزێکی ئابوری کۆمەڵایەتی لەپرۆسەی گۆڕانە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیەکاندا دەکرێ ڕۆڵیکاڕی گەرببینن، ئەمە ئەگەر ڕاست بێت وبەپێی تێگەیشتنی مارکسیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ زۆر دڵخۆش کەرە. چونکە بۆرژوازیی نیشتمانی لە تێڕوانینی مارکسدا وەکو هێزێکی کارا بەشدارن لە گۆڕانە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیەکان لەقۆناغێکی دیاریکراودا، بەتایبەت لەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا، دەکرێ ئەم هێزە ڕۆڵێکی کاریگەر لەئاراستەکردنی گۆڕانەکاندا ببینن، بەتایبەت ئەگەر بزانین ستراکتۆری ئەم هێزە لەتوانا ئابوری یە کەیانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر چەندە ئامانجی ئەم هێزە لەقۆرخکردنی بازاری نیشتمانی لەپێناو بەرژەوەندی ئابوری وسەرمایەگوزاری تایبەت بەخۆی سود وەردەگرێ، دەرئەنجام بەقازانجی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی وبرینی قۆناغێکی گرنگ لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی تەواو دەبێت، کە لێرەدا خاڵی هاوبەش لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تر کۆیان دەکاتەوە، بەلام ئایە دەوڵەمەندی ئێمە ئەو بۆرژوا نیشتمانیە یە کە مارکس خوازیاریەتی؟ ئەم پرسیارە وەڵامی جۆراوجۆر و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ، ئەگەر بەخێرایی چاوێك بەمێژووی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە دا بگێڕینەوە (ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم دەوڵەمەندانە وەکو هێزێکی‌کۆمەڵایەتی بناسین) بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازیی زۆر بنچینەیی لەنێوانیاندا هەیە، کە پێش هەموویان کۆمەڵگای ئێمە بەوپێ یەی هەمیشە قوربانی داگیرکەران بوە ولەژێر دەسەڵاتی نەتەوەیی سەردەستدا چەوساوەتەوە، هەرگیز پڕۆسەی گەشە کۆمەڵایەتیەکان سروشتێکی ئاسایی و تەندروستیان لەخۆنەگرتووە بەڵکو هەمیشە ئەم پڕۆسەیە لەنێو سەنگەری بەرگری وململانێ لەگەڵ داگیرکەراندا تواوەتەوەو وەکو ململانێی هێزەکان خۆی وێنا نەکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە خودی هێزەکان زۆرجار شوناسی چینایەتیان بزرکردووە و لەژێر زەبری ململانێکاندا گۆڕانی خێرایان بەسەردا هاتووە، چونکە پێویستی ململانێ و شۆرش چۆنی خواستبێت هێزەکان خۆیان لەگەڵدا گونجاندوە، یان فشاری ڕژێمەکان چۆن بۆ بەرژەوەندی داگیرکارانە یان گونجاو بو بێت ئاوا ئاراستەیان کردوون، هەروەك چۆن لەپرۆسەی ڕاگواستنی گوندوشارەکاندا بینیمان، بەم پێیە دەکرێ بڵێین لەدوای ڕاپەرینەوە پرۆسەی ململانەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەرفەتی خۆ نواندنی بۆ ڕەخساوە ئەویش لەهەڵومەرجێکی زۆر دژواریی شەری ناوخۆو ململانێی سیاسیدا، کەواتە ئێمە خاوەنی بۆرژوایی نیشتمانی بەپێی پرنسیپەکانی فەلسەفەی مارکس نین، کە توانا‌و هێزی گۆڕانی لەخۆدا هەڵگرتبێت بەدرێژایی مێژوویی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیی هەمیشە وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی غائب بوون. بە دیوێکی تریشدا ئەم ململانێ چینایەتیە لەلای ئێمە زۆر شێواو ئاڵۆزە چونکە ئابوری کوردستان بەبەرنامە کار بۆ وێران کردنی کراوە بەتایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعس، بێگومان بەبێ بوونی بنەمای ئابوری وەکو ژێرخان کە مارکس بەبنەمای سەرجەم گۆڕانەکانی دادەنێت ناکرێ قسە لەمەڕ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وچینایەتی بکەین کە هەمیشە گوزارشتە لەسەرخان.یان ئەم دیاردەو ململانێیانە فۆرمێکی چەسپاو لە خۆ بگرن هەروەها پرۆسەی بوژانەوە وبنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری لەکوردستاندا ئەوەندە سست وبێ پلانە کە توشی جۆرێك لەفەوزا بووە، بەئەندازەیەك کە دوای زیاتر لە هەڤدە ساڵ هێشتا چاومان لەحکومەتی ناوەندیە کە مووچەمان بۆ دابین بکات ومەترسی ئەوە هەیە کە ئەگەر تەنها یەك مانگ موچە نەبڕێ ئیتر شکست دەهێنین! ئەمە چ جای ئەوەی کە بازاری ئێمە خوازیاری سادەترین پێداویستی ڕۆژانە یە کە لەدەرەوە ئیستیراد بکرێ، بەم پێیە ئێمە هیچ بونیادێکی ئابوری مارکسیانەمان نیە بۆ بەرهەم هێنانی بۆرژوایی نیشتمانی. چونکە داهاتی نیشتمانی ئێمە لەدەست خۆماندا نیەو کۆڵەکەکانی ئابوری لەسەرخاکی ئێمە هەلنەچنراون، بێکاری‌و هەژاری‌و بڵاوبونەوەی نەخۆشی‌و کۆچی هێزی کار لە ژێر ناونیشانی گەندەلیدا بوون بە سیمایەکی ناشیرینی ئەم قەناغە ئەو دەوڵەمەندانەش بەرهەمی پرۆسەیەکی ئابوری سروشتی نین بەڵکو لەهەڵومەرجی سیاسی وئابوری کوردستان کەبێ سەروبەریە سودمەندبوون و بەرێگەی ناشەرعی وناسروشتی دەوڵەمەندبوون، بەشێکیان لەرێگەی گەندەڵی بەسود وەرگرتن لەپلەوپایەی وەزیفی یان لەدەسەڵات وحزبە سیاسیەکان، هەندێکی تریان لەرێگەی ئەو کۆمپانیایانە وە کە بەشدارن لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوە ئەمانەش ئاشکران لەچ بارودۆخێکدا پرۆژەکان ئەنجام دەدەن‌و چ جۆرە پرۆژەیەك ئەنجام دەدەن. بەشێکی کەمیان دەمێنێ کە لەرێگەی بازرگانیەوە یان ئاڵوگۆری کالاوە کە زیاتر هێنان وساغکردنەوەی خراپترین کالاکانی کارخانەکانی دەوڵەتانی دەورووبەرو دونیا لەبازارەکانی کوردستاندا لەخۆ دەگرێ. هەمومان شاهیدی ڕۆژانەی بێ کەلکی وخراپی ئەو بەرووبومانەین دێتە دەستی کریارەوە کە جیا لەوەی نرخیان گرانە لەرووی جۆریشەوە بێ کەلکن دەگێڕنەوە گوایە بازرگانە کوردەکان کە دەچن بۆ هێنانی کالای بازرگانی بەدوای هەرزانترین وخراپتریندا دەگەڕێن کە ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان ئیستغلال کردنی بازاڕو کریارەکانیەتی کە هاو ڕەگەزو هاونیشتمانی خۆیانن، بازرگانی بەوپێیەی پەیوەستە بەئاڵوگۆری سەرمایە و کالاوە هەمیشە لەجولەدایە و جێگیر نیە، واتە سەرمایەی بازرگان ناکرێت متمانەی هێزێکی ئابوری جێگیر بەدەست بهێنێ چونکە پابەندنیە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، بۆ نمونە سەرمایەدارێك کە بیر لە دامەزراندنی کارگەیەك دەکاتەوە، ئەمە جیالەوەی کارگەکەی کە سەرمایە گوزاری تێدا دەکات دەبێتە رایەڵێکی پتەو بەهێزە لەنێوان خۆی و نیشتمانەکەی وبەمەش دەرفەتی کار دەرەخسێنێت بۆ هێزی کاری ناوخۆی و کەرەسەرەی خاوی نیشتمانی لەبەرهەمەکانیدا دەخاتە گەڕ کە ئەمەش دەرفەتێکی تری وەگەڕ خستنی سەرمایە و هێزی کارە و سوری ئاڵوگۆری بازاڕ دەجولێنێ هاونیشتمانی خۆی لێی سود مەند دەبن کەچی بازرگانەکان سەرمایەکانیان لە بانقەکانی دەرەوەدا هەڵگرتووە، لێرەشەوە قازانجێك بەسیستەمی بانقی کوردستان ناگەیەنن، ئەو کالایانەی کە دەیهێنێت دوای ساغکردنەوەی قازانجەکەی دووبارە دەباتەوە دەرەوە، ڕۆڵێکی ئەوتۆ لەبواری ئاوەدانی وگەشەی ئابوری کوردستاندا ناگێڕێ کەپرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان کارا بکات، بەم پێودانگانە دەوڵەمەندیی کوردستان نەرایەڵێك بەو نیشتمانەیەوە دەبەستێتەوە نەبەشداریەکی چالاك لەگۆڕینی هەلومەرجی سەپاو دادەکات، لێرەوە ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە کە هیچ بنەمایەکی زانستی نیەو ڕەوایەتی لەپێکهێنان وکەڵەکردنی سەرمایە کەیدا بەدی ناکرێ، ناکرێت وەکو ئەو هێزە مژدە بەخشە چاوی لێبکرێ کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، ئەوتا هەڵوێستی نا نیشتمانیانەیی لەبەرامبەر پرۆسەی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیدا، بەرێژەی بەشداری وچالاکیان پێوانە بکەین، تێدەگەین کە نەك جێگەی شانازی و پیاهەڵگوتن نین، بەڵکو پێویستە بخرێتە ژێر بەرپرسیاریەتی مێژویی یەوە کە ئەو سەرمایەی کەڵەکەیان کردووە بەجۆرێك لەجۆرەکان دزینی قوتی هاوڵاتیان و برینی گیرفانی هاونیشتمانیەکانیانە!